# وەزارەتی ناوخۆ:
# هەورامییەکان مەترسین لەسەرئاسایشی نەتەوەیی
# و هێڵی سوورن

ڕەخنە

ئاسۆ بیارەیی
١٣-٢-٢٠١١ سوید

لە کاتێکدا کە دەها قوتابخانەی تورکی، عەرەبی، فارسی و زمانەکانی دی لە باشووری کوردستان برەویان هەیە و دەخوێنرێن، لە کاتێکدا کە سەدەها ئیتلاعات و بەعسی و ئەنفالچی و تۆرانی  بە ئاگاداری حکومەتی هەرێم ڕۆژانە سوکایەتی بە زمان و نەتەوەی کورد دەکەن، ئاسایاشی نەتەوەیی دەخەنە مەترسی  و ناوی کوردستان دەسڕنەوە، لاوەکانی کوردستان بەرەو پەتی سێدارە ڕاکێش دەکەن، لە کاتێکدا کە دەها کەناڵ و ڕۆژنامەی سۆرانی و بادینی هەردوو زلپارتیی دەسەلآتدار و ئۆپۆزیسۆن هەیە. لە ڕۆژانێکدا کە هەوراما‌ن لانەی شۆڕش بووە، وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئەو مافە بە هەورامیەکان ڕەوا نابینێت کە بەهەورامی ئاخفتن بکەن، کە هەرهیچ نەبێت وەک تورکمانە ئەنتی کوردەکان کە ناڵێکی   تەلەڤیزێونی یان وانەیەکی هۆرامی خۆیان هەبێت.

**وەزارەتی ناوخۆی دیوانی هەرێمی کوردستان، لە نوسراوی ژمارە ١٤٢٠٩ دا  بەرێکەوتی ٦/١٣/  ٢٠١٠** (بڕوانە فایلی هاوپێچ) نەک ڕازی نابێت لە سەر ئەو داخوازییە ڕەوایەی خەڵکی هەورامانی خەباتگێر(سەنتەری ژیوا)، بەکردنەوەی کەناڵێکی هەورامی، بەڵکو بە کارێکی لار و تیرۆریستیان دەناسێنێت، کریم سینجاری وەزیری ناوخۆش ئەو نوسراوە ڕەشە ئیمزا دەکات.

ئەو وەڵامە و پێناسەی وەزیری ناوخۆ و وەزارەتەکەی  پێش ئەوەی بەکەمزانینی هەورامیەکان بێت، سووکایەتییە بە خودی ئەو هەورامیانە کە لە پێناوی بنەماڵەی بەرزانی و پارتیدا گیانیان کردووەتە قوربانی، بەڵکو بێنرخکردنی ئەو هەورامیانەشە کە ئەندام وکارمەندی ناو حزبەکان و دانێشتوی هەورامانن. ئاخر کاتێک لە هەورامان هەورامیەکان شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە خودی کەریم سنجاری لە کەرجیشدا نەی وێراوە  باسی کوردستان و شۆڕش بکات.

بۆیە من داوا لە هەموو هەورامییێکی دڵسۆز و بە ئەمەک دەکەم کە ئەم بریار و نووسراوە  شومە ڕسوا بکات و لە ئاستیدا بێ دەنگ نەبێت! ئەگەر کەریم سنجاری و حکومەتەکەی خۆیان بە عێراقییەکی ئۆرگیناڵ دەزانن، ئەوا هەورامیەکان تاسەر ئێسک کوردن و کوردستان چاویانە. بە سەدەها شەهیدیان لە پێناوی ڕزگاری کوردستان هەیە، نەک لە پێناوی ناوچەگەری و خێڵ و بنەماڵەدا.

 ئەم هەوڵەی سنجاری  و حکومەتەکەی هیچی لە هەوڵی بەعسییەکان کەمتر نیە کە ئێزیدی و شەبەک و برایانی فەیلییان لە جەستەی کورد دابچراند. ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرا و ڕونە کە بۆچی حکومەتی هەرێم ناوچەی هەورامانی پشتگوێ خستووە، چونکە وەک سنجاری نووسیوەیەتی مەترسییان بۆ ئاساییشی هەرێم هەیە و دووریش نیە تیرۆریست بن و کورد نەبن!

**بۆ بینینی وەڵامە لار و چەوتەکەی وەزارەتی ناوخۆ و نووسراوەکەی سنجاری تکایە سەیری لاپەڕەی دووەم بکەن:-**

اقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للداخلية
مديرية الجمعيات

Kurdistan Regional - IRAQ
Council of Ministers
Ministry of interior

ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەکان

ژمارە :

ڕێکەوت : ٢٧١٠ کوردی

NO:

DATE: /٦/ ١٣

بۆ/ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

ب/وەلام

نووسراوتان ژمارە (٥٩٥/٢/٨ لە ٢٠١٠/١/١٨)
لە رووی ئەمنیەوە لاریمان هەیە سەبارەت بەمۆلەت پێدانی کەناڵی تەلەفزیۆنی بەناوی (ژیوا TV) ، بۆ زانین و ئەوەی بنبویست تکایە .

لەگەڵ رێزدا......

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ